

# چیرۆکی دۆزینەوەی‌ووردەبین

ئەو بیروڕایەی‌لە سەرەتای پێشکەوتنی زانستی ژیاندا دەربارەی‌زیندەوەران‌هەبوو بیرورایەکی سادە و ناتەواو بوو. ئەزیندەوەرانەئەودەم هەربەچاوی‌ڕووت تەماشا دەکران‌و لێ‌یان دەکۆلرایەوە.

لەسەدەی یانزدەهەمدا یەکەم (زەڕەبینی شت‌گەورەکەر) داهات، لەدووا ساڵەکانی سەدەی‌سیانزدە-هەمیش دا لە ئیتالیا بۆ یەکەم جار چاویلکەی‌پزیشکی‌دروست‌کرا؛ ئەوە بۆ ئەو سەردەمە بەئامێرێکی بەنرخی گران‌بەهادادەنرا، لەدواساڵەکانی سەدەی‌شانزدەهەمدا لەئالمانیا یەکەم(ووردەبین)دروست کرا؛ دەڵێن گوایە زەڕەبین دروست‌کەرێک جارێک هەردو کوڕەکەی لە جێگایەک دا یاری‌یان دەکردو بە رێکەوت هاتن دوو زەڕبینیان خستە سەریەک، جا بە هۆی دوو زەوڕەبین خستنە سەریەکیشەوە ئەگەر -تەماشای شتی وورد بکرێت ئەوا ئەو شتە چەند جارێک لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەبینرێت، ئەمە بوو بە یەکەم دیاردەی بناغەیی بۆ دروست کردنی یەکەم ووردبینی سەرەتایی کە پێک هێنراوە لەوەی دوو زەڕەبین بکرێنە ناو بۆری‌یەکەوە.

پاش‌ئەوە ( لیفنهۆک ) زانای هۆڵە ندی توانی خۆی بە تاقّی تەنیا نەخشە بۆ دروست کردنی ٢٤٧ جۆرە نیزامی ووردەبینی بکێشێت و بەیەکێک لەو زەڕەبینانەوە توانی زیندەوەرەرە ووردیکەکانی ناو دڵۆپە ئاوێکی مەند ببینیت کە ناوی‌لێنراوە میکرۆب .

پاش ئەوە زانای گەورەی سروشت و لێکۆڵەرەوەی زانستی‌یەکانی ژیان ( ڕۆبەرت هۆک ) بەهۆی سێ - زەڕەبینەوە یەکەم (ووردبین)ی دروست کرد.

پاش ئەمەش گەلێک زانا لە ئیتالیاو ئینگلترەو ڕووسیاوە چەند زەڕەبینێکی ووردەبینی وەک‌ئەوانی تریان دروست کرد، هەندێکیشیان بۆ پوخت کردنی ووردەبین لە ناو خۆیاندا هاوکاری‌یان کرد، لە ئەنجامی لەسەر یەک و لێکۆڵینەوەی بەردەوامیان ئەم ووردەبینە دروست‌کرا کەوا ئەمڕۆ بە کاری دەهێنن.

## لێکدانەوەی ووشەکان:




ووردەبین : میکرۆسکۆب.
زەرەبین: عەدەسە.
زانستی ژیان: عیلمی ژیان.

## ووتو ویژ و ڕاهێنان:

١-ووردەبین چی‌یە و چۆن داهێنرا؟

٢-سوودەکانی ووردەبین بژمێرە؟

٣-(لیفنهۆک)ی زانا کێیە؟